**لە بواری فێرکردنی باڵا**

**دەزگای شەهید**

**کۆڕی زانیاری کوردستان**

# له بواری فێرکردنی باڵادا

کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە پەرەپێدانی ئاستی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان و پێشخستنی خوێندنی باڵا داوە و، لەم بوارە گرنگەدا چەندین کار و چالاکی ئەنجام دراون هەر لە کردنەوەی کۆلیج و بەشی نوێ و دروستکردنی باڵەخانەی گرنگ وەک باڵەخانەی کۆلیجی دەرمانسازی لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم و ئەنجامدانی چەند کۆنفرانسێکی گرنگ لە جۆری کۆنفرانسی خوێندنی باڵا کە بۆ یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستاندا ساز دەکرێ، تا دەگاتە دابینکردن و کڕینی کەلوپەل و پێداویستیی جۆراوجۆری کۆلیج و بەشە زانستییەکان.

وا لە خوارەوەش پوختەی ئەو دەسکەوتانە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا دەخەینە ڕوو:

**یەکەم- ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا:**

ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا، دانیشتن و کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام داوە و چەندین ڕێنوێنی و ڕاسپاردە و بڕیاری گرنگی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە پڕ بایەخە دەرکردووە وەک:

١- دەرکردنی بڕیاری سازدانی یەکەمین کۆنفرانسی فێرکردنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ماوەی ٢١ تا ٢٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠١دا بە بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و پسپۆڕ و شارەزایانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم لە هەولێری پایەتەخت بەسترا و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵاوە پەسند کران.

٢- بڕیاری کردنەوەی کۆلیجی پەرستیاری و کۆلیجی مامۆستایان لە زانکۆی سەلاحەدین.

٣- پەسندکردنی خوێندنی باڵا (بۆرد) لە بواری پزیشکیدا.

٤- پەسندکردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١-٢٠٠٢ لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمدا.

٥- پەسندکردنی پلانی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا (دبلۆم، ماستەر، دکتۆرا) لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠١-٢٠٠٢.

٦- دامەزراندنی مۆزەخانەی مێژووی سروشتی لە زانکۆی سەلاحەدین.

٧- ڕەزامەندی درا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە زانکۆی دهۆک.

٨- ڕەزامەندی درا لەسەر پەیڕەوکردنی ڕێسای پەڕینەوە (عبور) لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم بە شێوەیەکی بەردەوام.

٩- چارەسەرکردنی چەندین کێشەی جۆراوجۆری مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکان.

**دووەم- زانکۆی دهۆک:**

لە ساڵی ٢٠٠١دا زانکۆی دهۆک لە سایەی پشتگیری و بەدواداچوونی بەردەوامی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە چەندین کار و چالاکیی ئەنجام داوە وەک:

١- دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (حاسبات)دا.

٢- ئەنجامدانی کاروباری ڕێکخستنی یەکەمین کۆنفرانسی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان کە لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٢دا ئەنجام دەدرێ.

٣- ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی هاوبەش لە نێوان زانکۆی دۆرتمۆندی ئەڵمانی و هەر سێ زانکۆکانی هەرێم لە ماوەی نێوان ١٥ هەتا ٢٠٠١/٤/٢٥دا.

٤- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئوسترالیا و پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ زۆر لە زانکۆکانی جیهاندا.

٥- ڕێکخستنی خولێکی ئەکادیمی بەهاوکاری زانکۆی دۆرتمۆندی ئەڵمانی کە چەندین مامۆستای زانکۆکانی کوردستان بەشدارییان تیادا کرد و ژمارەیەک لە پسپۆڕانی تایبەتی شاری دۆرتمۆند وانە و بابەتی بەسوودیان تیادا پێشکێش کرد. ئەم خولە لە ٢٠٠١/٩/١٥وە هەتا ٢٠٠١/١٠/٤ درێژەی کێشا و تیایدا چەندین بابەتی بەنرخ لە بواری نەخشەکێشان لە مەڵبەندی شارەکاندا پێشکێش کران.

٦- وەرگرتنی ٥٠ قوتابی لە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا).

٧- دەستپێکردنی دروستکردنی باڵەخانەی کۆلیجی کارگێڕی و ئابووری کە ٧٠٠,٠٠٠ دۆلاری تێ دەچێت.

٨- داڕشتنی نەخشەی بنچینەیی بۆ تەلاری کۆلیجی زانست و کۆلیجی ئاداب.

٩- دروستکردنی ٦ خانوو.

١٠- کردنەوەی چەند خولێکی پێشکەوتووی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی سەرکەوتوو و مامۆستایانی کۆلیجەکانی زانکۆ.

١١- دەستپێشخەری بۆ کردنەوەی بەشی ئینگلیزیی ئێواران.

١٢- بەشداربوون لە هەموو کۆنفرانسەکانی خوێندنی باڵادا.

١٣- دابینکردنی ٤ پاسی ٣٠ نەفەری بۆ گواستنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران.

**سێیەم- زانکۆی سەلاحەدین:**

بۆ پەرەپێدانی زانکۆی سەلاحەدین و کۆلیج و بەشە جۆراوجۆرەکانی زۆر کار و چالاکی ئەنجام دراون وەک:

١- جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا سەبارەت بەکردنەوەی کۆلیجی پەرستیاری و کۆلیجی مامۆستایان.

٢- بەشداربوون لە کۆنفرانسە زانستییەکان لەسەر ئاستی کوردستاندا.

٣- دروستکردنی کۆلیجی دەرمانسازی کە ٩ ملیۆن دیناری تێ چووە و لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە.

٤- ئاواکردنەوەی بەشی ناوخۆییی لەیلا قاسم.

٥- ئاواکردنەوە و پەرەپێدانی بەشی شوێنەوار.

٦- دروستکردنی باڵەخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بۆ زانکۆ.

٧- دروستکردنی خانووی میوانداری بۆ زانکۆ.

٨- دروستکردنی دەروازەی کۆلیجی زانست و دەروازەی کۆلیجی پەروەردە.

٩- بەکرێگرتنی ١٦ باڵەخانە بۆ بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان.

١٠- کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ بەشە ناوخۆییەکان ٣٥٠،٠٠٠ دینار.

١١- کڕینی ٩ ئۆتۆمۆبیلی جۆراوجۆر.

١٢- دابینکردنی ٧ مۆلیدەی کارەبا و ٢٤ ئامێری فۆتۆکۆپی.

١٣- دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆ لەگەڵ ١٠ کۆلیجی جۆراوجۆر.

١٤- دابینکردنی ئامێری تاقیگەیی.

١٥- دابینکردنی کەلوپەلی کیمیاوی جۆراوجۆر ١٠٠،٠٠٠ دینار.

١٦- دابینکردنی کەلوپەلی دروستکردنی ددان و ئامێری جۆراوجۆر بۆ کۆلیجی پزیشکی ددان.

١٧- دامەزراندنی تاقیگەی کۆلیجی دەرمانسازی لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم کە ١٥٠ هەزار دۆلاری تێ چووە.

١٨- دروستکردنی هۆڵی خوێندن لە کۆلیجی پزیشکیی ددان.

١٩- چاککردنەوەی هۆڵی توێکاری لە کۆلیجی پزیشکی.

٢٠- کڕینی کەلوپەلی جۆراوجۆر وەک: ١٠ کۆمپیوتەر، ٢٨٠٠ ڕەحلە، ١٢٠ مێز بۆ کۆلیجی کارگێڕی و ئابووری و دابینکردنی بگۆڕگەی سەرۆکایەتیی زانکۆ.

٢١- پرۆژەی دروستکردنی هەنگەلان لە کێڵگەی بەردەڕەش.

٢٢- هەڵکەندنی ٣ بیر لە کۆلیجی ئەندازە و یەک بیر لە گردەڕەش.

٢٣- دروستکردنی حەوز بۆ بەخێوکردنی ماسی لە کۆلیجی کشتوکاڵ.

٢٤- چاککردنەوەی کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ.

٢٥- دابینکردنی چەندان سەرچاوە و کتێبی زانستی بۆ کۆلیجەکان.

**چوارەم- دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان:**

ئەوەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین چالاکییەکانە لەم بوارەدا:

١- کردنەوەی پەیمانگەی تەکنیکیی ئاکرێ و پەیمانگەی تەکنیکیی سۆران.

٢- کردنەوەی چەندین بەشی زانستیی جۆراوجۆر وەک:

- بەشی ڕاگەیاندن، بەشی دەرمانسازی و بەشی دروستکردنی ددان لە پەیمانگەی تەکنیکیی هەولێر.
- بەشی کارگێڕی کۆگە، بەشی پەرستیاری و بەشی بیناسازی لە پەیمانگەی تەکنیکیی ئاکرێ.

٣- تەرخانکردنی زەوی پێویست بۆ باڵەخانەی سەرۆکایەتیی دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان و تەرخانکردنی زەوی بۆ پەیمانگەی ئاکرێ و پەیمانگەی سۆران.

٤- زیادکردنی ڕێژەی وەرگرتنی قوتابیان.

٥- ئەنجامدانی چەندین چالاکیی زانستیی جۆراوجۆر وەک:

- کردنەوەی چەندین خولی زانستی.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی خوێندنی باڵا.
- ناردنی شاندێکی تایبەت بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی تایبەت بە کورد لە ئوسترالیا.

٦- ئەم چالاکییانەی خوارەوەش لەسەر بڕیاری **٩٨٦** و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ ئەنجام دراون:

- دەستپێکردنی دروستکردنی باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکیی شەقڵاوە.
- تەواوکردنی نەخشەی باڵەخانەی مەڵبەندیی ڕاهێنان بۆ سەرۆکایەتیی دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان.
- دروستکردنی باڵەخانەی تایبەت بەبەشە پزیشکییەکان لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر لە ڕێگەی ڕێکخراوی WHO.
- ئەنجامدانی چەندین خولی زانستیی جۆراوجۆر وەک خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و خولی زمانی ئینگلیزی بۆ گشت فەرمانبەرانی سەرۆکایەتیی دەستە و پەیمانگە تەکنیکییەکان.
- گەیشتنی چەندین کەلوپەلی زانستی و کارگێڕیی جۆراوجۆر.
- ئەنجامدانی پلانی ستراتیجی زانستی ٥ ساڵە بۆ پەیمانگە تەکنیکییەکان.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مانگانەی هاوبەش لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی WHO و یونسکۆ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.

# دەزگای شەهید

یەکێک لە دەستکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی دەزگای شەهیدە کە بەڕێنوێنیی سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی بۆ ڕێکخستنی ئیشوکاری تایبەت بە بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان و، یارمەتی و هاوکاریکردنیان لە ڕووی دارایی و دابەشکردنی زەوی و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و ڕۆشنبیری و بواری تری جیاجیادا پێک هێنراوە.

دەزگای شەهید لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا چالاکیی جۆراوجۆری ئەنجام داوە کە وا لە خوارەوە کورتەی بەشێک لەو چالاکییانە دەخەینە ڕوو:

١- هەردوو مانگ جارێک و بەشێوەیەکی بەردەوام مووچە بەسەر بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکاندا دابەش کراوە.

٢- لیستی وەجبەی سێیەمی دابەشکردنی زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدان کە ژمارەیان ١,٥٠٠ بنەماڵەیە ئامادەکراوە و، زەویی گونجاو کە شایەنی بنەماڵەی سەرفرازی شەهیدان بێت دەستنیشان کراوە و بەم زووانە بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

٣- بۆ تەواوکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر، وەک ڕێگەوبان و ئاو و ئاوەڕۆ و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی، بەو زەوییانەی کە بەسەر بنەماڵەی شەهیداندا دابەش کراون، نەخشە و پلانی پێویست دارێژراوە و ئامادەکاریی بۆ کراوە.

٤- بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک زانیاریی تەواو دەربارەی هەر شەهیدێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان خراوەتە ناو بەرنامەی کۆمپیوتەرەوە.

٥- بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ئاسانکاری پێویست بۆ بنەماڵەی شەهیدان لە دەزگاکانی حکوومەتدا کراوە، وەک ئاسانکاری لەکاتی وەرگرتنی مووچە یا لەکاتی بەناوکردنی ئەو زەوییانەی کە بەسەر کەسوکاری شەهیدان دابەش کراوە.

٦- لە ڕێگەی عیادەی خانەوادەی شەهیدانەوە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکێش بەبنەماڵەی شەهیدان کراوە و، داوودەرمان و پسپۆڕ و پزیشکی شارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ئەم عیادەیە دابینکراوە.

٧- بۆ هاوکاریکردن و پەرەپێدانی شارەزایی منداڵانی شەهیدان، چەندین خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو منداڵانە کراوەتەوە.

٨- دروستکردنی فۆرمێکی نوێ بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی تەواو سەبارەت بەزانیاری پێشکێشکراو دەربارەی هەر شەهیدێک بکرێت و بەپێی ئەو فۆرمە تازەیە ڕێک بخرێت.

٩- لە بواری ڕاگەیاندنیشدا کاری جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، وەک پێشکێشکردنی بەرنامەیەکی هەفتانە لە تەلەفزیۆنی هەرێم کە بارودۆخ و سەرنج و پێشنیازەکانی بنەماڵەی شەهیدان دەخاتە ڕوو و لە گیروگرفتەکانیان دەکۆڵێتەوە. هەروەها چەندین ڕاپۆرتی تێروتەسەل سەبارەت بەباری گوزەرانی بنەماڵەی شەهیدان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هەرێمدا بڵاوکراوەتەوە.

# کۆڕی زانیاری کوردستان

کۆڕی زانیاری کوردستان بۆ یەکەم جار بەبڕیاری ژمارە (٣٧) لە ڕێککەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان دامەزرا، ئینجا سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/١١/٢٨، ڕەزامەندی لەسەر پترکردنی ژمارەی ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردستان دا، هەروەها سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە ٢٠٠١/٥/٢٢ بەوتارێکی گرینگ باڵەخانەی کاتیی کۆڕی زانیاری کوردستانی کردەوە و دامەزراندنی ئەم دەزگا ئەکادیمییە بەرزەی بە دەستکەوتێکی مەزنی کابینەی چوارەم نرخاند.

کۆڕی زانیاری کوردستان لەو ماوەیە کورتەی تەمەنیدا چەند چالاکییەکی گرنگی بە ئەنجام گەیاندووە، لەوانەش:

**١- کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆڕ:** لە ماوەی ئەم ساڵەدا کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان بە شێوەیەکی مانگانە و ڕێکوپێک بەستراون و لەم کۆبوونەوەدا ئیشوکار و چالاکییەکانی کۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا هەڵسەنگێنراون و بەرنامەی پەرەپێدانی کارەکان دارێژراوە.

**٢- لە کۆڕی زانیاری کوردستاندا ئەم لیژنانە پێکهاتوون و بە بەردەوامی لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە تا ئێستا لە کاری خۆیاندا بەردەوامن:**

أ- لیژنەی زاراوەکان: هەڵساوە بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی زاراوەکانی وەزارەتی داد و دانانی چەند زاراوەیەکی تایبەت بە کۆڕی زانیاری کوردستان و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەکانی میری بە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژووروی زمانی کوردی.

ب- لیژنەی زمان: ئەرکی هەرە گرنگی ئەم لیژنەیە پێداچوونەوەیە بە ڕێزمانی کتێبی قوتابخانەکان و دانانی ڕێزمانی کوردیی-ستاندارد.

ج- لیژنەی ڕێنووس: ئەم لیژنەیە لە ئەنجامی خەریک بوونی بەکاری ڕێنووسی نووسینەوە، ڕێنووسێکی ڕێک و زانستیی بۆ نووسینی زمانی کوردی بەدەرخستووە.

د- لیژنەی ئەدەب: زۆر هەنگاوی گرنگیان هاویشتووە بۆ وەدەستهێنانی دەستنووس و کتێب لەمەڕ ئەدەبی کوردییەوە، هەروەها هەوڵدراوە بەرهەمی هەندێ لە شاعیرانی کوردی وەکو خانای قوبادی کۆبکرێتەوە و بە چاپ بگەیەندرێت... هتد.

لە پاشان ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان جگە لەو لیژنانەی سەرەوە، بڕیاری پێک هێنانی چەند لیژنەیەکی تری داوە وەک:

أ- لیژنەی کۆکردنەوەی زاراوەکان.

ب- لیژنەی لە چاپدانی کۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان.

ج- لیژنەی دانانی فەرهەنگی کوردی بە هەموو زاراوەکانەوە.

د- لیژنەی کڕین و دەستخستنی دەستنووس و بەڵگەنامەکان... هتد.

### ٣- كۆڤاری کۆڕ:

لیژنەی کۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان دەستی بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی کۆڤارەکەی، کە بە ناوی (ئەکادیمی)یە کردووە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەکەوێتە بەر دید و دەستی خوێنەرانەوە.

### ٤- کۆنفرانسی زانستی:

کۆڕی زانیاری کوردستان ئەرکێکی یەکجار مێژوویی و نەتەوەیی خستووەتە سەر شانی خۆی ئەویش: بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە خەریکی پێکهێنانی زمانی ستانداردی نووسینە، بڕیاریشە دوای گفتوگۆ و ئەنجام وەدەست هێنان، لە ژێر تیشکی ئەم کارەیدا، کۆڕی زانیاری کوردستان کۆنفرانسی زانستی خۆی ببەستێت.

### ٥- بارەگای کۆڕ:

تەلار و باڵەخانەی تایبەت بە کۆڕی زانیاری کوردستان لە مانگی جۆزەردانی داهاتووی ئەم ساڵ تەواو دەبێت.